

# لە ڕۆژی بەرەنگاربوونەوەی خۆکوشتندا داوای ڕێکارەکانی ڕێگری لەو دیاردەیە دەکرێ

بەپێـی دوایین ئاماری ڕێکخراوی تەندروسـتی جیهانی W.H.O دەرکەوتووە کە ڕێژەی خۆکوشـتن لە جیهانـدا سـاڵانە دەگاتـە ٨٠٠ – ٩٠٠ هەزار حاڵەت. بـە گوێرەی لێکۆڵینەوەکانیش ئێسـتا لە زوربەی وڵاتانـی دونیـادا ١٠ هـۆکاری سـەرەکی دەبنە هـۆی مردن، بـۆ نموونە لـە وڵاتێکـی وەک بەریتانیا خۆکوشـتن بریتییە لە سـێیەم هۆکاری لە ناوچوون دوای نەخۆشـییەکانی دڵ و شـێرپەنجە. لە وڵاتە ئەسکەندەنافیەکانی وەکو (سوید، نەرویج، دانیمارک) لە ساڵێکدا لە ١٠٠ هەزار کەس ٤٠ کەس خۆیان دەکوژن، لە ئەمریکاش سـاڵانە زیاتر لە ٣١ هەزار کەس خۆیان دەکوژن، هەروەها سـاڵانە ٦٥٠ هەزار کەس هەوڵی خۆکوشـتن دەدەن لەو وڵاتەدا، بەپێی ڕاگەیاندنەکانیش لە هەرێمی کوردسـتان لەم چەند سـاڵەی دواییدا ڕێژەی خۆکوشتن لەناو هەر دوو ڕەگەز هەڵکشاوە، بەشداربوونی ئەم ڕاپۆرتەی گوڵان لە بارەی هۆکار و ڕێکارەکانی ڕێگری لە خودکوژی ڕا و سەرنجی خۆیان دەخەنەڕوو.

**لە هەرێمی کوردستان بە هۆی ململانێی سیاسیی نادروست و شەڕی ناوەخۆ و جەمسەرگیری سیاسییەوە نەمانتوانی بناغەیەکی تۆکمە بۆ گەشەدان بە بنەکانی مافی مرۆڤ و مرۆڤدۆستی و ژیاندۆستی دابنێین**

سەرەتا عەبدولخالق ئیبراهیم مامۆستای ڕاگەیاندن لە زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر، هێما بـۆ ئـەوە دەکات: «هەڵکشـانی دیـاردەی خۆکوشـتن بـەو خێراییە مایـەی نیگەرانییەکی قووڵ و سـەرچاوەی مەترسـییەکی ڕاستەقینەیە لـە سـەر ئاشـتی و ئاسایشـی کۆمەڵایەتی و بونیادی کەسـێتی تاکی کورد، بۆیە دەبێت بە ئەندازەی خەتەرناکیی بابەتەکە هەڵوێست وەرگرین بۆ بەرگرتـن لـە تەشـەنەکردنی و دواتریـش کارکردن بە ئاڕاسـتەی چارەسـەرکردنی.» گوتیشی: «هۆکارەکانی ئەم دیاردەیە زیاتر لـە ڕەهەندێك لە خۆی دەگرێ، هاوکات دەکرێ بە هەموویانەوە وێنەیەکی تەواومان بدەنێ سەبارەت بە مەوداکانی ئەو دیاردەیە، هـەر لـەو فەلسـەفەیەی کـە حوکمڕانیەتی وڵاتی لەسـەر بنیاد دەنرێت، تـا دەگاتـە کێشـە ئابوورییـەکان و سروشـتی پێوەندییە کۆمەڵایەتییـەکان و ڕۆڵـی ناوەندەکانی خوێندن و سروشـتی ئەو ناوەڕۆکەی میدیاکان پێشکەشی دەکەن.»

ئەو مامۆسـتایە گرنگترین هۆکارەکانی پەنابردن بۆ خۆکوشـتن لـە کوردسـتان لـە چەنـد خاڵێکـدا دەستنیشـان دەکات و دەڵێت: «لە هەرێمی کوردسـتان بە هۆی ململانێی سیاسـیی نادروست و شـەڕی ناوخـۆ و جەمسـەرگیری سیاسـییەوە نەمانتوانـی بناغـەیەکـی تۆکمە بۆ گەشـەدان بـە بنەماکانی مافی مرۆڤ و مرۆڤدۆسـتی و ژیاندۆسـتی دابنێیـن، بۆیـە تاکـی ئێمـە کەمتـر هەسـت بـە ئەرزشـی خـۆی دەکات و لەگەڵ سـادەترین کێشـە ڕەنگـە پەنـا بباتە بەر خۆکوشـتن. خاڵێکـی دیکە ئەوەیە کەلتـوور و پێوەندییـە کۆمەڵایەتییـەکان لـە کۆمەڵگەی ئێمەدا زیاتر لەسـەر بنەمای مۆراڵ و بەرژەوەندییە دەستەجەمعییەکان

دروست بووە و لەو سیستەمە کۆمەڵایەتییە داخراوەدا کەمتر بەها و تایبەتمەندی تاك جێگەی کراوەتەوە، جگە لەوەی مەودای ئازادی تاك لە دەربڕین و جوڵە و چالاکی هێندەی دیکە بووەتە مۆتەکە بەسەر گیانی مرۆڤی کورد، بە رادەیەك مردنی بەلاوە لە ژیان پێ خۆشتر بێت. ئەو قەیرانە سیاسی و ئابوورییانەی بەم دواییەش رووی لە هەرێم کرد، هێندەی دیکە قورەکەی خەستتر کردووە و ئاسۆی ئایندەی بە تەواوەتی لەبەردەم زۆریك لە ئێمە لێڵ و تاریك کردووە، کاتێکیش ئایندە لە ژیانی هەر کەسێك دەرێنی، بێگومان ژیانی یەکسان دەبێت بە مردن و ئەو کات ئەو بڕیارە زۆر لای ئاسان دەبی. خاڵێکی دیکە رۆڵی خراپی بەشێك لە میدیای کوردییە کە بەهۆی ئەو ناوەڕۆکە پڕ لە توندوتیژییانەی بڵاوی دەکەنەوە، لە دراما و فیلمی دۆبلاژکراو، یان هەر ناوەڕۆکێکی دیکە کە هانی خۆکوشتن، یان کەلتووری نائومێدی لە نێو گەنج و هەرزەکاران پەرە پێ دەدەن. بە هەمان شێوە پێویستە قسە لەسەر رۆڵی ناکارا و ناهاوسەنگی ناوەندەکانی خوێندن بکرێ لە هەموو قۆناغەکان. بۆیە چارەسەرکردنی ئەو دیاردەیە پێویستی بە هەڵمەتێکی نیشتمانی هەیە کە هەموو دامەزراوە کارا و زیندووەکانی کۆمەڵگە بەشداری تێدا بکەن و هێڵە گشتییەکان و ستراتیژیەتی رووبەڕووبوونەوەی دیاردەکە گەڵاڵە بکەن.»

شارا ئەکرەم توێژەری دەروونییە و سەرەتا باسی ئەوە دەکات کە «توێژینەوە زانستییەکان ئاماژە بەوە دەکەن کەوا لە وڵاتە رۆژئاواییەکاندا رێژەی خۆکوشتن زیاترە، بە رێژەی زیاتریش لە توخمی پیاواندا دەرکەوتووە، تەمەنیش رۆڵی زۆر دەبینێت، چونکە ئەوانەی زیاتر هەوڵی خۆکوشتنیان داوە، لە تەمەنی گەورەییدا بووە، نەك تەمەنی بچووکتر، یان منداڵی. هەروەها زیاتر ئەو کەسانە پەنایان بۆ خۆکوژی بردووە کە لە باری خێزانییەوە کێشەیان بووە، وەك ئەو هاوسەرانەی کە جیا بوونەتەوە، هەروەها باری ئابووری خراپ و زۆربوونی بێکاری، لەکاتێکدا زۆربەی زۆری خودکوژییەکان بەهۆی نەخۆشییە دەروونییەکان و بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکانەوە بووە و (٣٠٪ -٧٠٪) خۆکوشتنەکان پێوەندییان بە خەمۆکییەوە هەیە، بەپێی توێژینەوەکان و ئاماری رێکخراوی تەندروستی جیهانی WHO دەرکەوتووە کە ١٦٪ ی هەموو کۆمەڵگەیەك نەخۆشی دەروونی هەیە، بەڵام بەپێی لێکدانەوەکانمان وەك پسپۆڕانی دەروونی ئەگەری زیاتری ئەو رێژەیە لە کۆمەڵگەی خۆماندا هەیە، بەهۆی ئەوەی ساڵانێکی زۆر لە شەڕ و کوشتار و نەهامەتی بوون و ئەو نارەحەتی و نەبوونی و نەهامەتییانەش تا ئێستا بوونی هەیە، چارەسەریش بریتییە لە کردنەوەی رێکخراوی تایبەت بە نەخۆشییە دەروونییەکان بە خۆبەخشی و بە خۆڕایی تا هەموو هاووڵاتییان بتوانن بە خۆڕایی کێشە دەروونییەکانیان چارەسەر بکەن.»

چالاکی کۆمەڵی مەدەنی هیمن فەرید سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «کوشتن و خۆکوشتن زۆر لێکدانەوەی سایکۆلۆژی و سۆسیۆلۆژی بۆ دەکرێت، بەڵام من لە روانگەی ئابوورییەوە سەیری دەکەم، چونکە کەمی مووچە و نەبوونی هەلی کار و کاریگەری جەنگەکانی بەو دواییە و گەرما و نەبوونی کارەبا و گرانی بازاڕ تێکچوونی سایکۆلۆژیەتی کۆمەڵگەی لێکەوتووەتەوە، واتە ئەو گرفتە ئابوورییانە کاریگەریی راستەوخۆی لەسەر هەڵچوونی باری دەرونی کۆمەڵگە درووست کردووە. هەروەها نەبوونی باڵانسی ژیانی تاك، وادەکات کەسێکی توندوتیژ بێت، بۆیە پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان و رێکخراوەکانی حکومی و ناحکومی دڵنەوایی خەڵك بدەنەوە و میدیاکانیش چیتر وێنەی تراژیدیا و کوشتن و بریندارکردن و سەربڕین پێشانی کۆمەڵگە نەدەن، کە وایکردوە کوشتن زۆر بە سادەیی پێشان دەدرێت و خەڵك لای ئاسان دەبێت، هەروەها پێویستە رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لێکۆڵینەوە و شیکاری بابەتییانە لەسەر ئەو بارودۆخەی ئێستای کوردستان بکەن و ئەنجامەکەی بەلایەنی پێوەندیدار بگەیێنن و پێکەوە کار بۆ چارەسەری بکەن، بۆ ئەوەی چیتر ئەو جۆرە کێشانە نەبێتە دیاردە لەناو کۆمەڵگە، چونکە بەشێك لەو دیاردانە نامۆیە و دەتوانین بڵێین لەگەڵ هاتنی ئاوارەکان بەشێك لەو دیاردانە زیادی کردووە و هاوردەی هەرێمی کوردستان کراون.»

لەلای خۆیەوە بەڕێوەبەری راگەیاندنی پۆلیسی هەولێر رائید هۆگر عەزیز تێکچوونی باری دەروونی و ژینگە بە بەرپرسی سەرەکیی کێشەکان دەزانێت و رایوایە ئەوانەی پەنا بۆ خۆکوشتن دەبەن، یان لە بارودۆخێکی خراپی دەروونیدان، یانیش ئەو ژینگەیەی تێیدا دەژین، ژینگەیەکی تەندروست و لەبار نییە، گوتیشی: «بە پێی لێکۆڵینەوەکانی خۆمان کە لەو رووداوە خۆکوژییانەی بەدواداچوونمان بۆ کردووە، دەرکەوتووە کە کەسەکە باری دەروونی ناسەقامگیر بووە، بۆیە پێموایە ئەگەر کەسێك دەروونی ئارام بێ، ناتوانێ پەنجەیەکی خۆی برینداربکات، چ بگات بەوەی بڕیاری خۆکوشتن بدات. بۆیە زۆر کەمن ئەوانەی لەبەر نەبوونی و برسێتی خۆیان دەکوژن، تەنانەت لە ئێستادا ئەوانەی پەنا بۆ خۆکوشتن دەبەن، کەسانی دەوڵەمەند و بەڵێندەرن و دوای ئەوەی تووشی ئەزمەی ماڵی دەبن، بیر لە خۆکوشتن دەکەنەوە، لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا وەسیلەکانی کوشتن زۆر بە ئاسانی لەنێو هەموو ماڵێکدا پەیدادەبێ، بەتایبەت چەك هۆکاری بوونی چەکیش لەنێو ماڵاندا لە هەلومەرجی ئێستادا بۆ بوونی شەڕی چەکداری دژی داعش دەگەڕێتەوە، هەروەها ئەو زنجیرە دۆبلاژکراوانەی لە تەلەفزیۆنەکان پەخش دەکرێت، هۆکارێکی ترە بۆ روودانی هەر رووداوێکی کوشتن و خۆکوشتن، واتە وەك سەرچاوەیەکی چاولێکەری مێرمنداڵان هەوڵی خۆکوشتن دەدەن، سەبارەت بەو دەنگۆیانەی کە دەڵێن خۆکوشتن زیادی کردووە، ناکرێ ئەوە راست بێ، چونکە لەلایەك تائێستا ئاماری ئەمساڵ بە تەواوی کۆنەکراوەتەوە و چەند مانگێك ماوە بۆ ئەوەی ساڵی ٢٠١٦ تەواو بێت، ئەوکات کە لەگەڵ ئاماری ساڵی پار بەراورد کرا، دەزانرێت کەم بووە، یان زیادبووە، چونکە جاری وا هەیە لە شەو و رۆژێکدا چەند کەسێك خۆی کوشتووە، جاری واش هەبووە بە چەند مانگ کەس خۆی نەکوشتووە، پاشان هەموو ئەوانەی لەناو شاری هەولێر خۆیان دەکوژن، خەڵکی شارەکە نین، بەڵکو لە نێو ئاوارەکانیشدا تاوان و تاوانکاری بە رێژەیەکی زۆر بوونی هەیە، تەنانەت چەند کەیسێکمان هەیە عەرەبی ئاوارە لێرە خۆی کوشتووە، پێشتر رێژەی خۆکوشتن لەناو ئافرەتاندا زۆر لە پیاوان زیاتر بوو، بەڵام ئێستا خۆشبەختانە ئافرەتان لە جاران هۆشیارترن و کەمتر پەنا بۆ خۆکوشتن دەبەن، دەتوانم بڵێم لە ئێستادا رێژەی خۆکوژی لە هەردوو رەگەزدا وەکو یەکە.

**پێشتر رێژەی خۆکوشتن لەناو ئافرەتاندا زۆر بوو، بەڵام ئێستا خۆشبەختانە ئافرەتان لە جاران هۆشیارترن و کەمتر پەنا بۆ خۆکوشتن دەبەن**

**بە پێی ئاماری رێکخراوی تەندروستی جیهانی WHO دەرکەوتووە کە ١٦٪ ی هەموو کۆمەڵگەیەک نەخۆشی دەروونی هەیە، بەڵام بە پێی لێکدانەوەکانمان وەک پسپۆڕانی دەروونی ئەگەری زیاتری ئەو رێژەیە لە کۆمەڵگەی خۆماندا هەیە**

**کەمی مووچە و نەبوونی هەلی کار و کاریگەری جەنگەکانی بەو دواییە و گەرما و نەبوونی کارەبا و گرانی بازاڕ تێکچوونی سایکۆلۆژیەتی کۆمەڵگەی لێکەوتووەتەوە، واتە ئەو گرفتە ئابوورییانە کاریگەریی راستەوخۆی لەسەر هەڵچوونی باری دەرونی کۆمەڵگە درووست کردووە**

# قەیرانی دارایی کاریگەریی راستەوخۆی لەسەر پرۆسەی خوێندن دروست کردووە

ئا: شەهلا حەسەن

**پرۆسەی هاوسەرگیری یەکێک لە بەها جوانەکانی مرۆڤایەتییە و هەر پێکهێنانی خێزانیشە کە ژیانی مرۆڤی بەردەوام کردووە، بەڵام زۆر جار لە کۆمەڵگەی نەریتیدا بە هۆکاری جیاواز کەند و کۆسپی گەورە لە بەردەم ئەو خواستە شەرعی و رەوایەدا دروست دەکرێ، بەتایبەتی دەستێوەردانی خزمان و دەوروبەر کە رەنگە هیچ بنەمایەکیشی نەبێت. کوڕێکیش کە خۆی بە قوربانیی ئەو دەستێوەردانە دەزانێت، بەسەرهاتی خۆی بۆ گوڵان دەگێڕێتەوە.**

منداڵان جیهانێکی هەستیار و تایبەت بە خۆیان هەیە و جۆری پەروەردەو پێگەیاندنیشیان ئەرکی باوان و حکومەتی وڵاتەکەیان قورستر دەکات، هەر ئەو منداڵانەشن کە بە نەوەی داهاتوو ناسراون، بۆیە ئەگەر بایەخ بە پەروەردەی تەندروستییان بدرێ، ئەوا لە داهاتوودا وەك گەنجی بەرهەمهێن سوودیان بۆ خۆیان و کۆمەڵگەش دەبێت، لە هەرێمی کوردستاندا هاوکات لەگەڵ ئابلۆقەکانی بەغدا لەسەر هەرێمی کوردستان و بڕینی بودجە و مووچەی کوردستان، هەروەها داڵدەدانی نزیکەی دوو ملیۆن ئاوارەی ناوخۆ و دەرەوەی عێراق لە لایەك و تێچووی شەڕی دژ بە تیرۆریستانی داعش و دابەزینی نرخی نەوت لە بازاڕەکانی جیهان لە لایەکی دیکەوە، حکومەتی هەرێمی ناچار کرد، بەهۆی قەیرانی دارایی پەنا بۆ دواخستن و کەمکردنەوەی مووچە بەرێت، ئەوەش کێشەی زۆری بۆ چینی مووچەخۆران دروست کردووە. هاوکات لە دوا ڕاپۆرتی ساڵانەی دەستەی ڕەوشی مافەکانی مرۆڤ هاتووە کە ئەو قەیرانە دارایی و سیاسی و یاساییەی کە هەرێمی کوردستان پێیدا تێپەردەبێت زۆرترین کاریگەری لەسەر پرۆسەی خویندن و دۆخی خوێندنی باڵا لە هەرێمی کوردستاندا هەیە، کە دیارترینیان گرفتی دواکەوتنی بەردەوامی مووچەی مامۆستایانە بە جۆرێك زۆرینەی مامۆستایانی قوتابخانە و زانکۆ و پەیمانگاکان لە دۆخێکی نالەباری ئابووریدا دەژین و بژێوی ژیانیان لەبەردەم مەترسیدایە. بەردەوامی و درێژەدانی قەیرانە کە کاریگەری خراپی دەبێت بۆ سەر لایەنی سایکۆلۆژی مامۆستایان و قوتابیان و دواجار کۆی سیستەمی پەروەردە و خوێندن تووشی لاوازی پەککەوتن دەکات. هەروەها لە ئەگەری بەردەوامبوونی ئەم دۆخە نالەبارە ئابوورییەدا، رەنگە دیاردەی بەجێهێشتنی خوێندن دووبارە سەرهەڵبداتەوە، چونکە خێزانەکان



ناتوانن بە تەواوی پێداویستییەکانی منداڵەکانیان بۆ خوێندن دابین بکەن، لەم راپۆرتەشدا را و سەرنجی چەند خێزانێکمان وەرگرتووە کە باسی گرفتەکانی خۆیان دەکەن.

«لەو بارودۆخەی ئێستا کە باری دارایی زۆر خراپ بووە، گوزەرانی خەڵکیش زۆر زەحمەت بووە، بەتایبەتی بۆ ئەو دایك و باوکانەی کە قوتابییان هەیە، جا قوتابی زانکۆش بێت، ئەوا بێگومان خەرجی زۆرترە، خۆ ئەگەر چەند قوتابی زانکۆش لە ماڵێکدا بن، ئەوا زۆر زەحمەتە دایك و باوك بتوانن هەموو ئەو خەرجییانە دابین بکەن، بەتایبەتی بۆ ئەو خێزانەی کە تەنیا یەك مووچەیان هەیە و هەروەها بۆ هەژارەکان چەندەها جار ئەستەمترە».

ئەوە قسەی عائیشە کەریم بوو، کە وەك خۆی باسیکرد، دوو کچی لە زانکۆ دەخوێنن. ئەو دایکە بە نیگەرانییەکی زۆرەوە دەڵێت: «من ئافرەتێکم لە قوتابخانەیەك دەوام دەکەم، ئیشی دروومانیش دەکەم، تەنیا بۆ ئەوەی کچەکانم لە خوێندنی زانکۆ بەردەوام بن، بەڵام ئێستا بەشە ناوخۆییەکانیش پارە لە قوتابیان وەردەگرن. خەرجی قوتابی زانکۆ قورستر بووە و داهاتیش زۆر کەمتر بووە، بۆیە هیوادارین حکوومەت هەرچی زووە ئەم بارودۆخە چارەسەر بکات و ئاورێك لەژیان و بارودۆخی قوتابیان بداتەوە.»



سۆزان سابیر، یەکێکە لەو سەدان دایکانەی کە باسی زەحمەتییەکانی پەیداکردنی خەرجی خوێندن و هاتوچۆی منداڵە قوتابییەکانیان دەکەن. سۆزان ئاماژە بەوە دەکات کە تا پێش دروستبوونی ئەم قەیرانی داراییە هیچ کێشەیەکیان نەبووە، هەر لەو بارەیەوە دەڵێت : «سەرەتا کە منداڵەکانم دەیانخوێند، تاوەکو ئەو بارودۆخەی ئێستا هیچ کێشەیەکی وەهامان نەبوو، بەڵام ئێستا زۆر بە زەحمەت خەرجی ئەوان دابین دەکەین. تاکە ئاواتی من ئەوەیە ئەوان خوێندن تەواو بکەن، بۆیە هەرچییەکم لەدەست هاتبێت بۆ ئەوانم کردووە، بەتایبەتی بۆ کچەکان، باوکیان رۆژانە بڕێکی کەم پارەیان پێدەدات، منیش هەموو هەوڵێك دەدەم بۆئەوەی پێویستیان بە پارە نەبێت، ناچارم ئەو بڕە خەرجییەی کە باوکیان بۆ ماڵەوە دایدەنێت، بەشێك لەویشیان پێبدەم، چونکە ئەوان کچن و ناتوانن خۆیان پارە بۆ خەرجییەکانیان دابین بکەن. من هەمموو هەوڵێکم بۆ ئەوەیە ئەوان پێویستیان بە کەس نەبێت و ناچارنەبن داوای پارە لەکەس بکەن، تکام وایە حکومەت کەمێك لەخەمی ئەو خەڵکەدابێت، چونکە هەموو کەسێك ناتوانێت ئەم بارودۆخە بە ئاسانی تێپەڕێنێت، بەڕاستی کەمی مووچە گەیشتۆتە ئاستێکی وەها هاوسەرەکەم دەڵێت بەسە چیتر با منداڵەکان نەخوێنن، چونکە توانای خەرجی خوێندنی ئەوانم نەماوە. ئەو فەرمانبەرە و بەو مووچەیەی کە وەریدەگرێت ناتوانێت ئەو هەموو خەرجییانە دابین بکات.»

لەلایەکی دیکەوە بەهزاد تاهیر مامۆستای یاریدەدەر لە زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر و پسپۆر لە کارگێڕی و ژمێریاری، هێما بۆ ئەوە دەکات کە «قەیرانی ئابووری لە هەرێمی کوردستان لە سەرەتاکانی دەستپێکی شەڕی داعش و دابەزینی نرخی نەوت لە بازاڕەکانی جیهاندا دروست بووە، یەکێك لە هۆکارەکان کە وایکردووە ئەم قەیرانە ئابوورییە زۆر بە زەقی خۆی پیشان بدات، ئەوەیە کە ماکینەی گەشەی ئابووری لە کوردستان زۆر خێراتر بوو لە ئاستی نۆرمالی خۆی، بە شێوەیەك کە ئاستی داهات بۆ نزیکەی ٤٠٠٪ و زیاتریش بەرزبووە، لە زانستی ئابووری هەر هەڵکشانێك، داکشانی لە دوا دێت و بە هۆی خێرایی گەشەی ئابووری لە کوردستان، بڵقێکی وەهمی دروست ببوو، وای لێهات کە ئەم داکشانە داکشانێکی نۆرمال نەبێت و ببوە هۆی دارمانی تەواوی سێکتەرەکان لە وڵات.» وتیشی: «بە هۆی ئەو بەرزبوونەوەیە لە ئاستی بژێوی ژیانی خەڵك و زیادبوونی داهاتی تاکە کەسەکان و زیادبوونی هەلی کار و فەرکاری وایکرد کە خەڵك گرنگی زیاتر بداتە خوێندن و بەتایبەتیش لە زانکۆ تایبەتەکان لە بەر ئاسانی وەرگیرانی قوتابی لەو زانکۆیانە، بۆیە هەر تاکێك بە گوێرەی داهاتەکەی پلانی بۆ خەرجییەکانی ژیانی خۆی رێکخستبوو، بەڵام دابەزینی داهات بە رێژەی ١٥٪ تاکو ٧٥٪ بۆ ئەوانەی کە مووچەخۆرن وایکرد هاوسەنگیی داهات و خەرجییان تێکبچێت و بەتایبەتی ئەو قوتابیانەی کە لە زانکۆی ئەهلی دەخوێنن، تووشی کێشەی ماددی گەورە بوون، ئەوانەشی کە مووچەخۆر نین، واتە لە کەرتی تایبەت کار دەکەن، هەمان کێشەیان هەیە. ئەم کێشەی ئابوورییە بۆتە گرفتێك لە سەر لایەنی دەروونی قوتابیان و رۆژانە لە بری پرسیارکردن و فێربوونی ماددەکەیان، باسی قەیران و ناتوانایی لە پێدانی قیستەکان و دابینکردنی پێداویستی خوێندن دەکەن، بۆیە جۆرێك بێزارییان پێوە دیارە و ئاستی سەرنجدانیان بۆ خوێندن بە رێژەیەکی بەرچاو نزم بۆتەوە.

مامۆستا بەهزاد پێیوایە «کۆمەڵێك چارەسەر هەن بۆ کێشەی خوێندنی قوتابیان لە زانکۆ تایبەتەکان»، گوتیشی: «ئەو رێژەیەی کە وەزارەت بۆ دابەزاندنی کرێی خوێندن دیاری کردووە کە بریتییە لە ١٠٪ تاکو ١٥٪ چارەسەری کێشەکە ناکات، لەبەر ئەوەی داهاتی کەسی تاکو ٧٥٪ دابەزیوە.

گوڵان: کۆمەڵایەتی

**دابەزینی داهات بە رێژەی ١٥٪ تاکو ٧٥٪ بۆ ئەوانەی کە مووچەخۆرن وایکردووە هاوسەنگیی داهات و خەرجیان تێکبچێت و بەتایبەتی ئەو قوتابیانەی کە لە زانکۆی ئەهلی دەخوێنن، تووشی کێشەی ماددیی گەورە بوون**

**پێویستە حکومەت لەخەمی ئەو خەڵکەدا بێت، چونکە هەموو کەسێک ناتوانێت ئەم بارودۆخە بە ئاسانی تێپەڕێنێت، بەڕاستی کەمی مووچە گەیشتۆتە ئاستێکی وەها هاوسەرەکەم دەڵێت بەسە چیتر با منداڵەکان نەخوێنن**

**لە قوتابخانەیەک دەوام دەکەم، لە ماڵەوەش ئیشی دروومان دەکەم، تەنیا بۆ ئەوەی کچەکانم لە خوێندنی زانکۆ بەردەوام بن**



# خاوەن کاری پیاوێک قورسترین خیانەتی لێدەکات

**پیاوێکی خێزاندار، دوای ماوەیەکی زۆر بێکاری، کاری دەست دەکەوێت و خاوەنکارەکەش لە رادەبەدەر یارمەتی دەدات، بەڵام دواتر لە رێگەی موبایلەوە بە دروستکردنی پێوەندی لەگەڵ هاوسەرەکەی خیانەتی لێدەکات، ئەوەش شیرازەی خێزانییان تێک دەدات و دوو منداڵەکەشیان سەرگەردان دەکات. خاوەنکارەکە دوای ئەو خیانەتەو بەهۆی قەرزداریشەوە خۆی ون دەکات. ئەو بەسەرهاتە لەسەر زاری ئەو پیاوە پەشیمانەوە دەبیستین کە نهێنییەکانی ژیانی بۆ گوڵان دەخاتەوو.**

باوکی دوو منداڵە و بە پەشیمانی و خەمبارییەکی زۆرەوە باسی بەسەرهاتی خۆی دەکات. بەهۆی زۆر جگەرە کێشانەوە هەناسەی دەبڕێ و بەهۆی کۆخەوە دەمێك لە قسەکردن دەوەستێ، دواتر ئاماژە بەوە دەکات کە ژیانی هەژاری و کرێچێتی و بێکاری تەنگی پێ هەڵچنیبوو، بۆیە خۆی و هاوسەرەکەی زۆربەی شوێنەکان بۆ دۆزینەوەی کار دەگەڕن، تەنیا بۆ ئەوەی کارێکیان دەست بکەوێت، بەڵام بێ هیوا دەبن. ئەوە دیمەنی پیاوێگی تەمەن ٣٦ ساڵە بە ناوی کاروان کە بەمجۆرە بەسەرهاتی خۆی بۆ گوڵان دەگێڕێتەوە:

«بەدبەختی یەخەمی گرتبوو، یەخەی هەموو کاروانیەکم دەگرت، کەچی کەس خەبەری خێری نەدەدامێ و کارێکم دەست نەدەکەوت. دوای ماوەیەکی زۆر، لەلایەن برادەرێکی نزیکمەوە ئاگادار کرامەوە کە شوێنێك هەیە، خۆم و هاوسەرەکەم دەتوانن کاری تیا بکەن، بۆیە یەکسەر پێکەوە سەردانی ئەو شوێنەمان کرد داوای کارمان لە بەڕێوەبەرەکەی کرد. ئەو رۆژەی کارمان دەست کەوت، لەوکاتە خۆم و خێزانەکەم خەریك بوو، لە خۆشییان بفڕین،

بەڵام بێخەبەر بووین لەوەی ئەوکارە دەبێتە هۆی تێکدانی شیرازەی خێزانیمان، بەڕێوەبەرەکە خۆی زۆر باش پیشاندەدا، لە خزمێك زیاتر یارمەتی دەداین، بە ئۆتۆمبێلی خۆی بەدواماندا دەهات و دەیبردینەوە، دیاری بۆ منداڵەکانمان دەهێنا، تا رۆژێك هاوسەرەکەم زۆر نەخۆش بوو، کە هاتە دوامان، گوتم: ئەمڕۆ نایەم بۆ کار خێزانم دەبەم بۆ نەخۆشخانە، بەڵام ئەو گوتی: تۆ بڕۆ بۆ سەرکار، خۆم خوشکم دەگەیەنم، لە خۆشیاندا خەریکبوو دەستی ماچ بکەم، کە هاتەوە گوتی: دکتۆر دەڵێ ماندووە و دەبێت ماوەیەك پشووبدات و زوو زوو سەردانم بکاتەوە، تیشکی بۆ دەگرین و سۆناری بۆ دەکەین». بەڕێوەبەرەکەی کاروان پێشنیاری ئەوە دەکات کە هاوسەری کاروان بۆ نەخۆشخانەی ئەهلی ببەن، بەڵام کاروان پێی رادەگەیەنێ کە پارەیان نییە، بۆیە ئەو بڕیار دەدات لەسەر حیسابی خۆی بیبات، ئەویش سوپاسی دەکات، بەم شێوەیە، هەفتەی چەند جارێك بە بیانووی سەرەی پزیشك، خێزانەکەی کاروان بۆ لای دکتۆر دەبات و ژمارە موبایلیش پێکەوە دەگۆڕنەوە. وەك کاروان باسیکرد تەنیا بیری لەوە دەکردەوە کە چۆن چاکەی خاوەن کارەکەی بداتەوە، هاوکات دەڵێت: «رۆژ بەرۆژ هەستم دەکرد خێزانەکەم لاواز و بێهێز دەبێت، تا رۆژێکیان بەڕێوەبەرەکەم پێی راگەیاندم کە دەیهەوەێ هەندێك قسە بکەین، گوتی: دەبێت خۆراگر بیت، منیش ترسی ئەوەم هەبوو لە کارەکەم دەرمبکات، بەڕاستی سەرەتا ترسام دەرمان بکات، بەڵام ئەو گوتی: سەیری ئەو ئەوراقانە بکە، گوتم: خوێندەواریم نییە، گوتی: فەحسی خێزانەکەتە و تووشی نەخۆشی شێرپەنجە بووە». ئەوکاتە کاروان دەکەوێتە سەرچۆك دەست بە گریان دەکات و دەپرسێ ئایا خێزانەکەی دەمرێ؟ بەڵام بەڕێوەبەرەکەی پێی رادەگەیەنێ کە پزیشك گوتوویەتی کاتی دەوێت و دەبێت خۆڕاگر بن، بەڵام دەبێت بەردەوام لەژێر چاودێری بێت، ئەو ماوەیەش نابێت بە هیچ شێوەیەك لە خێزانەکەی نزیك ببێتەوە. کاروانیش دەپرسێت: ئەی ئەگەر خێزانەکەم خۆی داوای کرد؟ خاوەن کارەکەی لە وەڵامدا دەڵێت: «پێی بڵێ بێتاقەتم و هەر رۆژێ هەنجەتێك ببینەوە، خۆیشم لەسەر حیسابی خۆم چارەی دەکەم، خەمت نەبێت.

بۆ ماوەی چەند مانگێك چەندین جار هاوسەری کاروان خۆی لە مێردەکەی نزیك دەکاتەوە، بەڵام ئەو خۆی لێ دوور دەخاتەوە، تا وای لێدێ کێشە دەکەوێتە نێوانیان و لە ئەنجامدا هاوسەری کاروان داوای جیابوونەوە لە مێردەکەی دەکات.

کاروان مژێکی توند لە جگەرەکەی دەستی دەدات و بە خەمبارییەکی زۆرەوە باسی ئەوکاتە دەکات کە هاوسەرەکەی داوای جیابوونەوەی لێکردووە، هەر لەو بارەیەوە گوتی: «وەك شێتانم لێهاتبوو، لەلایەك هاوسەرکەم کە خۆشەویست و ئازیزم بوو، لێم ببوو بە دوژمن، لە لایەکی دیکەوە نەمدەزانی کە خاوەنکارەکەم گەمەی بە عەقڵی هەردووکمان کردووە. بەردوام بە منی دەگوت بەگوێی بکە، لە سەرەمەرگە، با لەسەر دڵت نەبێتە کۆست، زۆر لە خێزانەکەم پاڕامەوە سوودی نەبوو، بۆیە منداڵەکانی دامێ و جیابوویەوە، دوای جیابوونەوەمان بەڕێوەبەرەکەشم لەسەر کارەکەم دەریکردم و ناچار بۆ پەیدا کردنی بژێوی خۆم و منداڵەکانم کاری حەمباڵیم دەکرد، بەڵام لەگەڵ ئەوەش بەردەوام هەواڵی خێزانەکەم دەپرسی». کاروان هێما بۆ ئەوە دەکات کە رۆژێك هاوسەرەکەی لە نەخۆشخانە پەیوەندی پێدەکات و داوا دەکات بیبینێت، ئەویش دوای یەکتر بینین، باس لەوە دەکات کە خاوەنکارەکەی دەریکردووە و ئێستا خەریکی حەمباڵیە، ئەو کاتەی هاوسەرەکەی ئەو قسەیەی گوێ لێدەبێت، چەندین جنێوی ناشیرین بەو پیاوە دەدات، کاروان هەست بە شتێکی نهێنی دەکات و پرسیاری زۆر ئاراستەی هاوسەرەکەی دەکات، ئەویش راستییەکانی بۆ باس دەکات، پێی رادەگەیەنێ کە ئەو ماوەیەی بە ناوی نەخۆش ئەوی بردووە، بۆ نەخۆشخانە نەبووە، بەڵکو بۆ هۆتێلێك بووە، بەدڵی خۆی هەڵسوکەوتی لەگەڵ کردووەو هەڕەشەی ئەوەی لێکردووە کە ئەگەر بە هاوسەرەکەی بڵێ، ئەوا وای لێدەکات کە لە ژیانی یەکتر نەمێنن. کاروان بەمشێوەیە باس لەوکاتە دەکات: «خێزانەکەم بەگریانەوە گوتی: بە منی دەگوت مێردەکەت تۆی لەبەرچاو نەماوە، منیش باوەڕم کرد، چونکە چەند لێت نزیك دەبوومەوە، تۆ خۆت دوور دەگرت، بۆیە بەناچار لەگەڵی دەبووم، تا تووشی ئەو نەخۆشیە بووم و ئیتر بەرگەم نەگرت، بە گریانەوە دەستی ماچ کردم و داوای لێبووردنی کرد، کە ئەو پیاوە بە پارە چاوی داخستبوو، متمانەی پێکردووە»، وەك کاروان خۆی باسیکرد ئەویش ئەو پیلانەی خاوەن کارەکەی ئاشکرا دەکات و هۆکاری ئەوەی بۆ باس دەکات کە ئەوکاتە بۆچ نزیکی هاوسەرەکەی نەکەوتووەتەوە و چۆن فریوی خواردووە، بەوەی کە بەڕێوەبەرەکەی کاغەزی پیشانداوە گوایە خێزانەکەی شێرپەنجەیەتی و دەبێ دووری لێبگرێ. کاروان بە تووڕەییەوە دەڵێت: «دوای ئاشکرابوونی پیلانەکەی بڕیارم دا تۆڵە لەو پیاوە نامەردە بکەمەوە، بەڵام لێرە نەمابوو، بەهۆی قەرزەوە هەڵاتبوو، بڕیاری ئەوەشمدا کە خێزانەکەم بگەڕێنمەوە، بەڵام خزمەکان رازی نەبوون، بەتایبەت ماڵی باوکی و باوکم». دوای ماوەیەك خێزانەکەی کاروان گیانی لەدەست دەدات، کاروانیش بە گریانەوە دەڵێت: «هەموو رۆژ ئەگەر نەچمە سەر گۆڕەکەی، ناچمە کار، بەداخەوە کەسێك بە ئێمەی دەگوت خوشك و برا، کەچی خیانەتی لێکردین و ماڵمانی کاول کرد».

«ئەوەی بە ئێمەی دەگوت خوشك و برا، خیانەتی لێکردین و ماڵمانی کاول کرد»